# (دەر)، یان (دە□) کاک ئاوات! … هەردی عەلی

خانمە شاعیری ڕۆژهەڵات (لەیلا وەزیریی) شیعرێکی بەاوکردەوە لە پاشکۆیەکی ئەدەبی و هونەریی و لە ژمارەی دواتر کاک ئاوات حەسەن ئەمین شتێکی لەسەر بەاوکردەوە. تا ئێرە ئاساییەو جێی سەرسوڕمان نییە.. بەڵام ئەوەی جێی مەخابنە ئەوەیە کاک ئاوات لە سەرتاو بەشێکی نووسینەکەیدا نووسیویە "سەرنجم چووە سەر ناونیشانی شیعری (دەرتر لەدە□)ی خاتوونی شاعیر لەیلای وەزیری. بەگومان ناونیشان پانتاییەکی گرنگ و کاریگەر داگیر دەکات لە نەخشەی دەقدا، ئەم ناونیشانەش (دەرتر لە دە□) جێرە چە بوونەوەیەکی بە مەبەستی تیادایە کە دواتر ئەوەمان بە دەردەخات کە شاعیر نایەوێت بە ئاسانی خێی بدات بە دەستەوەو دەقێکی ئاسایی بنووسیت."

کاک ئاوات سەرسامە بەم ناونیشانە لە کاتێکدا ناونیشانەکەش هەڵەیە و ڕەنگە لە ئاکامی کەم ئاستی دەستێی نووسەرانی ئەو بەاوکراوەیەو تێنەگەشتن لە شیعرەکەو ناونیشانەکە لە (دەر)ەوە کرابێتە (دە□).

خاڵی دووەم بە کاک ئاوات ئەوەیە گەر تە بەم باسە چووبیتە ناو نووسینەکەتەوەو خاڵی سەرنج بووبێت لات و بتەوێت شتێك لەسەر ئەو شیعرە بنووسیت بۆچی نەهاتوویت ناونیشانەکەمان بە شی بکەیتەوەو هیچ قسەیەکی لەسەر ناکەیت؟

جوانتر وا بوو کاك ئاوات لەو نووسینەدا یەکەم شت بیکردایە ئەم هەڵەیەی راست بکردایەتەوەو لەسەر وشەی (دەر) قسەی بکردایە. ئایا مەبەست لە دەر : درەنگە وەك لە هەندێك ناوچەی کوردستان بەکاردێت یان دەری پەرستگای فەڕەکان یان مەبەست لە دەرینە؟ تاد…… بەڵام دەنیام کە (دە□) نییە، چونکە خێی شاعیر لە تەمارکردنی دەنگیدا دەڵێت (دەر) پاشان لە رووی سیاقی گشتی شیعرەکەو ماناکەیەوە هەڵە دەبێت گەر بڵێت (دە□).

ئەم باسە چیرەکی ئەو پیاوەی یاد خستمەوە کە لە جەنگدابوو و دەیویست نامە بە هاوژینەکەی بنووسێت و کەچی خوێندەواری نەبوو، هاوڕێکانی گوتیان چۆن نامە دەنووسیت و خوێندەواریت نییە؟ لە وەڵامدا وتی لەگەڵمن و هیچ خەمتان نەبێت هاوژینەکەم لەی تەدەگات چونکە ئەویش خوێندەواریی نییە.

ئەمەیە حاڵی دواکەوتووی کەلتوورو ئەدەب و هونەر و ڕەشنبیریی کوردی ئێستا، نەتەوە بە دەست هەموو دەردەکانەوە دەناڵێنێت و

لەسەروو هەمووشیانەوە (جەهل) و ئەوەش دەبەتە دەماستی میللەت دەست دەکات بە جەنگان لەگەڵ مەعریفەت و بەاوکردنەوەی جەهل، چونکە ڤایرەس و میکرەب لە ژینگەی نا تەندروستدا تەشەنە دەکات و دەمەنەتەوە.. راستیان فەرموو گەر بتەوەت ئاستی پەشکەوتن و هوشیاری و شارستانی هەر میللەتەك بزانیت ئەوا بزانە ئەدەب و هونەریان لە چ ئاستەکدایە!

من قسەم لەسەر ئەوە نییە تا چەند ئەو شیعرە توانیویەتی بە دوای ئەو زمانە پەنهانەی ناو زمانی ئاسایی بگەڵەت و بیدەزەتەوە! چەندەك پارادەکسەکان لە شوەنی خەیاندان یان نا؟ چەندەك تەعبیر لە موعاناتەکانی خودی شاعیرو لاوان و تاکەکانی رەژهەڵات دەکات لە ژەر تارمایی داگیرکاریداو بزر کردنی ئازادی و ناسنامە! چەندەك وەنەی سوریالی نوە و سەرنجەاکەشی تەدا کەشراوە! یاخود بە دیوەکەی تردا چەندەك زمانەکە گرەیاوی و رەکیکە، یان تەکەوتنی هەڵەی ڵەزمانی وەك ئەوەی دەڵەت (قژەکانم ئاڵەز) کە هەرگیز قژ لە زمانی کوردی و زمانەکانی تریشدا کە ناکرەتەوەو هەر دەگوترەت قژم- قژی – قژمان– قژیان، جا گەر یەك تاڵ بەت و یان هەموو تاڵەکان بەت. بەڵام گەر مەبەستی لە هەموو مووەکانی لەشی مرۆڤ بووایە ئەوا ئەو کات کە دەکرایەوەو دەگوترا مووەکانم. یان لە جەیەکی تردا دەڵەت: (بە مردووەی لەشم) لە بری ئەوەی بڵەت: نەمردووەی لەشم..

بە هەرحاڵ من دەستخەشی لە جیاواز نووسین و ڕوانینی شاعیرو شەوازی نووسینی شیعریی و هەروەها دەستپەشکەری کاک ئاوات دەکەم کە هەستی کرد شیعرەکی باشەو شتەکی لەسەر نووسی.

بەڵام ئەم نووسینەی شاعیری خەشویست کاک ئاوات رووەکی نەگەتیڤیشی هەبوو کە ڵەی لە لەکەڵەرەوان گرت ئەوان وەك پەویست تیشکەکی بخەنە سەرو ئەکادیمیتر لەی بدوەن.